سوپای عێراق پێلاماری جووتیارانی کورد لە کەرکووک دەدات و ڕێگەیان لێدەگرێت کار بکەن



ئەمڕۆ دووشەممە 17ـی شوباتی 2025، جووتیارانی کورد لە سنووری پارێزگای کەرکووک لەکاتی هاوەدان بە چاندنی زەویەکانیان، لەلایەن سوپای عێراق ڕێگریان لێکرا، هەروەها سوپای عێراق لە چەند جوتیارێکی دا کە بووە هۆی بریندی سووک لە جەستەیان.

سەربازانی هەزەکی سوپای عێراق پێلاماری جوتیارانی کورد دا و ویستویانە تراکتۆری جوتیاران ببەن بە ڕێگری کردن لەوەی کار بکەن، بەڵام جوتیارەکان ڕێگەیان لە دەگرن و ڕێگەیان پێ نادەن تراکتۆر و کەرەستەی جوتیاریان ببەن.

لەیەکێک لە گرتە ڤیدیۆ تەماركراوەکان لەکاتی دروستبوونی گرژی لەنێوان جوتیاران و سوپای عێراق، دەرکەوت ئەفسەرێکی سوپای عێراق هەوڵی خنکاندنی جوتیارێکی کورد دەدات بە مل پێچ، لەکاتی شەڕی تراکتۆرێکی بە ڕێگری کردن لە کارکردنی.



تا ئێستاش گرژیگانی نێوان جوتیاران و سووپای عێراق بەردەوامە و هیچ لایەنکی پەیوەندیدار لە حکومەتی خۆجێ و بەرپرسانی کەرکووک و کورد لەو بارەیەوە هەوڵستیان بە ڕاگەیاندن و پڵاماری سووپای عێراق بە سەر جوتیاران دەرنەبڕیوە.

لەلایەکی ترەوە، سووپای عێراق بڕێ هیچ پاساو پڵاماری جووتیارانی کوردی داوە.